**وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار**

**ژمارە : ١٣٥٤٥ لە ٢٠١٥/١٠/٢٢**

## بـڕیـار

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (١١) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو وە لەبەر فراوان بوونی سنوری شارەوانی سلێمانی بەهۆی بەرژەوەندی گشتی و تێکەڵ بوونی سنوری هەردوو شارەوانی (تاسلوجە و سلێمانی) بەر سنوری شارەوانی ناوبراو پاڵپشت بەلاری نەبوونی پارێزگای سلێمانی بە نوسراویان ژمارە (٩٢٦٦ لە ٢٠١٥/٥/٢٨) وە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بە ژمارە (٣٤٦ لە ٢٠١٥/٥/٢٦) وە بڕیارماندابە :-**

**١- لکاندنی هەردوو شارەوانی (تاسلوجە و سلێمانی ) بە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و بنکەی شارەوانی لە سلێمانی دەبێت.**

**٢- ئەوبڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمی ( وەقایعی کوردستان ) جێ بەجێ دەکرێت.**

**نەورۆز مەولوود محەمەد ئەمین**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**